# ئاسۆی گەل

رۆژنامەیەکە بەشی راگەیاندنی لقی دووی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١) | نیۆەراستی ئابی/١٩٩١ | نرخی (٥٠٠) فلســـە

# شکۆدار بێ ٢٦ ی گەلاوێژ سالڕۆژی دامەزراندنی پارتیمان

## نان و ئازادی مەرجی ژیانێکی ئاسوودەن

**بەبۆنەی دەهەمین سالڕۆژی دامەزراندنی پارتیمانەوە ،پارتی گەلی دیموکراتی کوردســـتا ن ، کۆمیتەی ناوەندی تێکۆشەر بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە کەتێیدا هاتووە:**

ئەگەر یادی سالانە هۆیەکە بۆ هەلسەنگاندنیکاروباری سالی رابردوو،ئەوا یادی دەهەمین سال روزی ئیستگەیەکە کەجیاوازیەکی تایبەتی و گرنگی هەیە،هەرهۆیەکە بۆ وەستانێکی دوورودرێژ و پیاچوونەوەیەکی وردی مێژوویی پارتیمان بەگشتی،بەرامبەر ئەوبارودۆخەی کەپێیدا تێپەربوە و ئەو رۆلە خەباتگێرانەیەی بۆ هەلسەنگاندنی رووداوەکان و تێکەلاوبوونی لەگەلیدا .

یادی دەهەمین سالە ئەم سال گرنگیەکی بێبایانی تری هەیە،چونکە سالی (١٩٩١) سالی راپەرین و هەلهاتنی بەکۆمەلی گەلەکەمان و سالی وتوویژە لەنیوان بەرەی کوردستانی ومیریعێراقدا . لەپێناوی چارەسەرکردنێکی ئاشتیانەی سیاسی بۆ مەسەلەی کورد لەسەر بناغەی ئۆتۆنۆمـــی راستەقینە بۆ کوردستان و بلاوکردنەوەی چەسپاندنی دیمۆکراسی لەعێراقدا .

ئەمەئەوسالەیە کەبۆیەکەمین جار دەرفەتێک هاتەکایەوە کەپارتیمان لەگەل بەشێکی گـــەورەی جەماوەری گەلەکەمان پیوەندی راستەوخۆ بکات و هیواداریشین کەشان بەشانی پارتەکانیبەرەی کوردستانی و پارتە نیشتمانیەکانی تری عێراق بتوانیت بەئازادی و یاسایی کاری سیاسی خۆی ئەنجام بدات پێش کۆتایی هاتن بەم سالەدا .

**هەروەها لەشوێنێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە:**

لەراستیدا ئەو ماوەیەی کەدەکەوێتە نیوان سەرهەلدانی پارتیمان لە (٢٦ی تەمموزی ١٩٨١)تا وەکو سالی رابردوو زنجیرەیەک کۆسپی بابەتی هەبوون کەنەیان دەهێشت پارتیمان لەگـــەل جەماوەری گەلدا راستەوخۆ پیوەندی بکات چونکە هیچ دەرفەتی وانەبوو بۆ سەرکردایەتیپارتی-یمانو پیشمەرگەکانی کەبچنە نیو جەماوەری گەلەکەمانەوە لەناوەوەدا (ناوەوە:واتە چیوە و سنوری کارکردن بەهەرچی جۆرێک بێت) .تاوەکو کۆتایی سالی(١٩٨٥) .بێگومان توانای چالاکی و جولانیش بێ سنوور نەبوو تاوەکو سالی ١٩٨٧،لەکاتێکدا کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان لەسالی ١٩٨٨دا دووچاری هەرەسێکی گەورەبوو،بەتایبەتیی لەرووی عەسکەریو بەشەری،بەشێوەیێ کە خەبات و چالاکییەکان لەشێوەی چالاکی سیاسی لەدەرەوە رەنگی دایەوە .

سەرەرای ئەوبارودۆخە گران و ئالۆزە پارتیمان توانی جومگە سەرەکی وبنەرەتییەکانـــی رێکخستن دابمەزرێنێ و دوو کۆنگرەو کۆنفراسێکی بەست و توانی رێکخستنێکی بەرفراوان لـــە نیو کوردانیعێـراق لەئێران و ئەوروپا و تورکیا و ئەمریکای باکور دابمەزرێنیت ،هەروەهـــا

بۆلاپەرە ( ٥ )

## سەروتار

ئازادی لەپێشترین پێداویستیژیانە . ئەوەی ئازادیشی بوێت دەبێ باجی ئەو ئازادیە بدات و لیێی سلنەکاتەوە بەدرێژایی مێژوو تاوەکوئەمرۆکەشی گەلی کوردمان،تینوی ئازادیـــە و لیبراوانە خەباتی بۆ کردوەوقوربانی بۆداوە..ئەگەر سووکە چاوێک بخشێنین بەمێژووی ئەم سەدەیە،دەبینن گەلـــی کورد بەگشتی و کوردی باشوریکوردســـتان بەتایبەتی،لەخەباتێکی نـــە پساوەدابووە بۆ دەستەبەرکردنیمافە رەواکانی و مسۆگەرکردنی ئازادی و سەربەستی .کەچی رژێمە داسەپاوەکانی سەر ئەو ولاتانەی کەکوردستانیـــان داگیرکردووە،سەرباری هەللوشـــینی خێروبێروسامانەکەی،نەک هەر خەمخۆری ماف و ئازادی بۆگەلی کورد نەبوونە بەلکو درندە ئاسا درێژەیان بـــە سیاسەتی رەشەکوژی و قرکردنی کوردو خاپورکردنی کوردستان داوە،سی سالی رابردوو باشترین بەلگەی ئەمراستیەن رۆژانە بەدەیان کەس لەرۆلە بەئەمەگ و بەشەرەفەکانی گەلیان لەسێدارەداو، یاخودهەربێ دادگاکردن لەخوێن سوور کراون و گیانیان لێ سەندراوە .تـــا گەیشتۆتە بەکارهێنانی چەکیکوشندەی کیمیاوی دژ بە هاولاتیانی لاشەروبێ دیفاعی گوندو شاروچکەکانی..کـــار لەوەش ترازاوە،ناموس و خوێنـــی کوردان حەلال کراوەو ئەنفالەکانیش درندەترین وێنەیان بووە.

دیارە کەلەکەبوونی ئەو هەموزولمو چەوساندنەوەیە هەوێنی تەقینەوەیکی گەورەیە،راپەرینەکانی ئەمسالـــی

بۆلاپەرە ( ٤ )

## رژێمی تورکیاو پیلانێکی تازە

رژێمی تورکیا سەرسەخترین دوژمنی کوردو ئازادیخوازانە.. رژێمە یەک لەدوایەکەکانی تورک درێغیان نەکردووە لەسیاسەتی دژایەتی و قەدەغەکردنی زمان و بەرەوانەناسینی بوونی کورد لەچوارچێوەی سنووری تورکیادا ،بەلکو لەپشت پەردەوە چەندین رێککەوتن و پەیمانیاندژ بـــە کورد لەگەل داگیرکەرانی کوردستاندا مۆرکردووە بەمەبەستی سەرکوت کردن و لەناوبردنـــی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەیی لەکوردســـتاندا .

کەمالیەکانی ئەمرۆی تورکیا ماوەیەک بوو وایان نیشان دەدا کەنیازیانە داخوازیەکانـــی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیادا جێبەجێ دەکەن و دیمۆکراسیانە مامەلە لەگەل کێشەیگەلی کورد دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو کێشە لەمێژینەیە.بەلام تەونی درۆی ئەمجارەش

بۆلاپەرە ( ٤ )

# بەبۆنەی ٢٦ ی گەلاوێژەوە ئاهەنگی شادی دەگێڕین

* رۆژی (٢٦)ی تەمموز سالرۆژی دامەزراندنی پارتیمانە، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان. هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا هەڤاڵانی پارتیمان و رۆڵەکانی گەلەکەمان بەو بۆنەیە ئاهەنگی شادی و خۆشی دەگێڕن ..ئەمساڵیش بەو بۆنەپیرۆزەوە لەزۆر شوێنی کوردستاندا ،ئاهەنگ گێڕدرا ..بەشی راگەیاندنی لقەکەمان لقی (دوو) بەشانازیەوە رۆژی(١٩٩١/٧/٢٨) لەباخچەی هوتیل سیاحی شەقلاوە بۆ بیرەوەری ئەورۆژە ئاهەنگێکی سازکرد..کەژمارەیەکی زۆری میوان لەشاری هەولێرو شۆردوگاکانی دەوروبەریەوە هاتبوون..ئاهەنگەکە زیاتر لە چوار سەعاتی خایاند..

لەسەرەتادا هەڤاڵی تێکۆشەر بروسکە شاوەیس وتاری مەکتەبی سیاسی پارتیمانی پێشکەش کردو بەناوی مەکتەبی سیاسیەوە بەخێر هاتنی نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی کرد .

دوای ئەوەوتاری حزبەکان خوێندرانەوە ،کەبەم شێوەیە بوو:

١- هەڤاڵ **عمرعثمان** لێپرساوی لقی دووی پارتی دیموکراتیکوردستانی هاوپەیمان،لەجیاتی مەکتەبی سیاسی پارتیەوە وتارێکی پێشکەش کرد.

٢- وتاری لقی هەولێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەلایەنهەڤاڵ **دکتۆر سەردار** لێپرساوی لقی هەولێر ،خوێندرایەوە.

٣- وتاری لقی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان،لەلایەن هەڤاڵ **محسن عثمان**،کارگێری لقی هەولێر خوێندرایەوە.

٤- وتاری پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراق ،لەلایەن دکتۆرجورهان ئەندامی مەکتەبی سیاسی ،خوێندرایەوە.

دوابەدوای ئەوانەوە هەڤاڵ رێکار **ئەحمەد** بەناوی لقی (دوو) ی پارتیمانەوە ،لەوتارێکی کورتدا بەخێرهاتنی نوێنەرانی حزبە سیاسیەکان و میوان و ئامادەبووانی کرد .

ئەمە جگەلەوەی کەچەندین بروسکەی پیرۆزبایی خوێندرانەوە ،لەوانە

١- بروسکەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق .

٢- بروسکەی ئالای شۆرش .

٣- بروسکەی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردستان.

٤- بروسکەی لقی قەڵادزێ ی یەکێتی نووسەرانیکوردستان.

٥- بروسکەی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان /لقی شەقلاوە.

٦- بروسکەی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد/ رەواندوز.

٧- بروسکەی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان/کۆمیتەیپاشاگەورە.

٨- بروسکەی بەرێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی شەقلاوە

٩- بروسکەی لیژنەی بەرەی کوردستانی لەخەلیفان .

١٠- بروسکەی لیژنەی هەریری بەرەی کوردستانی عێراق .

١١- بروسکەی یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان .

١٢- بروسکەی رێکخراوی پێشەنگی ئافرەتانی کوردستان .

ئەمانەو چەندین بروسکەی پیرۆزبایی کەلەلایەن سنکەو بەتالیۆن و تیپەکانی پێشمەرگەی حزب و لایەنەکان .



ئەوسا ئاهەنگ و گۆرانی دەستی پێکرد .لەسەرتا ، تیپی پاشای گەورە بە پارچە مۆسیقایرا پەرین ئاهەنگەکەی کردەوە . دوایی گورانی بێژ کاک (فرمان حەسەن) بە سێ گۆرانی بەشداری کرد . ئەوسا هەڤاڵ(مەسعود ئەحمەد) بەسروودی ئێمە پێشمەرگەین،ئامادەبوانی بەجۆش و خرۆش خست. دوای ئەوانە گۆرانی بێژ (کاک زیرەک) بەدو گۆرانی و تیپیمۆسیقای پاشای گەورە بەپارچە مۆسیقای(چەمیرێزان ) بەشداربوون .



تیپی(گەل) بەهاوکاری سێ کیژۆلەو گۆرانی بێژ کاک( جەلال بەرێشان بەرنامەکانی خۆی پێش کێش کرد..کە دوو سروود لەلایەن سێ خونچە تازە پشکوتوەکە گوتران و کاک جەلال بەرێشانیش بەچەپکێ گۆرانی هەمە رەنگە ئاهەنگەکەی زۆر گەرمتر کرد.

شایانی باسە کە ئەم ئاهەنگە چوار سەعاتی خایاند. هەر شکۆدار بێت بیرەوەری ساڵرۆژی دامەزراندنی پارتی گەل ،پارتی چەوساوە و زەحمەتکێشانیکوردستان .







پاشـماوەی سەرووتارە٥٥٥

کوردستان لووتکەی ئەو خەبات و تێکۆشانە جەماوەرییە بوو کە سوپای داگیرکەرو چەوسێنەرانی ڕاماڵی ولەکوردستانی وەدەرنان.کوردستان ئازادبوو،بەڵام بەداخەوە ئەو ئازادییە سەرتاسەریە کەم تەمەن بوو.لەبەرزۆر هۆی خۆیی وبابەتی لەگەڵ دەسپێکردنەوەی هێرشی دڕندانەی ڕژێم بۆسەرکوردستان،ڕاکردنی بەکۆمەڵ و گرتنەوەی شارەکانی بەدواوەهات .

ئەمڕۆ ئەگەرچی لەزۆربەی ئەوشوێنانەی کەبەدەست پێشمەرگەمە و شۆڕش حوکم دەکات و تاڕادەیەک جۆرە ئازادییەک هەیە ، بەڵام هێشتا ئاسودەیی و هێمنایەتی باڵی بەسەردا نەکێشاوین.ئەوەتا برسیەتی و قات و قڕی و بێکاری وەک دێوەزمە دەستی لەهەوکان ناوە .خەریکە برسیەتی کیشوەری ئەفریقا بگوازرێتەوە بۆ وڵاتی ئێمە ،بۆ کوردستانێکی دەوڵەمەندی خاوەن نەوت و دەیان کانزای بەنرخ ،کوردستان خۆی لەخۆیدا چاوگەی ژیان وبژێوییە- ئەگەر بەرێک و پێکی دەکاربهێنرێت ،نەک هەر برسیەتی ونەداری بوّی نیە رووی تێبکات ،بەڵکو گەل و وڵاتانی دیکەش لەبرسیەتی و نەبوونی رزگاردەکات . ئێمە بەراشکاویەوە دەڵێین :

نان و ئازادی پێکەوە ژیانی ئاسودەیی بنیات دەنێن .نەئازادی بێ نان دەتوانێ مرۆڤ ئاسودە بکات ،نەنانی بێ ئازادیش بوّی هەیە ئاسودەیی و بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەستەبەرکات .ئەمـرۆ ئەرکی هەرە لەپێشی هەموومان پاراستنی ئەو ئازادییەیەلەگەڵ دەستەبەرکردنی نان و کار بۆ کۆمەڵانی خەڵک ..ئەمڕۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و گەڕانەوەی خەڵک بۆ گوندو کرێکارومووچە-خۆرو کاسبکاران بۆسەرکارەکانیان کەمتر نیە لەلابردنـی گەمارۆی ئابوری و هەرزان کردنی نرخی کەل و پەل و خۆراک و پێداویستیەکانی رۆژانە .

ئێمە خوازیاری نان و کارو ئازادین بۆ تەواوی کۆمەڵانی خەڵک . لەجاران شێلگیرانەتر خەبات دەکەین بۆ دەستەبەرکردنـی ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان و دیموّکراسی وفرەحزبی بـۆ عیڕاق .تاگەیشتن بەئامانج گەلی کورد سوورترو سوورتردەبێت لەخەبات لەپێناو ئاشتی و دیموّکراسی و ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەگەری و فرەحزبی و دەستەبەرکردنی مافەرەواکانی خۆی٠

پاشماوەی (ڕژێمی تورکیا و پیلانێکی تازە)٥٥٥

هەڵوەشایەوەو رووی دزێوی خۆیان ئاشکراکرد. ئەوەبوو لـە سەرەتای ئەم مانگەدا سوپای تورکیا بەمەبەستی سەرکوتکردنـی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و گورز وەشاندن لەشۆڕشگێڕان هێرشێکی بەربڵاوی زەوینی و ئاسمانی کردە سەرکوردستان وزەرەرو زیانێکی زۆریان لەگوندو ئاواییەکانی کوردستانی تورکیادا بەلام بەوەشەوە دانەمرکانەوە،فڕوکەکانیان هێلی سنووریـان بەزاندو هیرشیان هینایە سەر ناوچەکانی کوردستانی عیراق ، کەپرو خیوەتگای ئەو کوردانەیان بوردمان کرد کەلە ترسـی شالاوی مەرگ گوندو شاری خۆیان بەجی هیشتبوو، و روویان لەو ناوچانەکردبوو. روژەکانی(٦و٧و١٩٩١/٨/٨) فڕوکەکان خیرەزوک و گورەتو و دەشتی هرتی و چەندین ناوچەی دیکەیان دایە بـەر پەلامارو هێرشی ئاگرەکانی خۆیان ..لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی کوردی لاشەو گیانیان لەدەستدا .

ئەگەرچی زور وڵات و ناوەندی رای گشتی ئەم کارەیان ریسوا و تاوانبارکرد،بەلام بو گەلی کورد روون وئاشکرایە کەئەمـەش پیلانیکی تازەی نەخشە بۆ کیشراوە ،دەبێ هۆشیارانە هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت ئەگەرنا شتی دیکەی بەدواوە دێت . بۆدوژمنانی ئاشکراترە کە گەلی کورد لەپیلانی لەوە گەورەترو نەخشـە بۆ کیشراوتر،بەهێزو خۆڕاگرتروەو بۆ ویست و داخوازیە دزیوەکانی دوژمنانی چۆک دانادات ٠

# هەواڵی رۆشنبیری

لقی هەولێری یەکیتی نووسەرانی کوردستان ،لەوەتەی دەستەی کاتی هەلبژاردووە کەلەدوای راپەرینی پرشکوی گەلەکەماندا هەلبژێردرا ..جگە لەوەی.بەرنامەیەکی ئەدەبی و روشنبیری هەفتانە بو نزیکەی نیو سەعات لە هەردوو ئیزگەی (دەنگی گەلی کوردستان )و(دەنگی کوردستانی عیراق)ەوە هەیەو تاوەکوئیستا هەر بەردەوامە ..لەرووی گیرانی کوریشەوە ،ئەم کورانەی لـە شاری شەقلاوەدا گرتووە کە نیازیان وایە لەشوینی دیکەیئازادکراوی کوردستانیشدا بیگیری ..

١ـ کوریکی رەخنەیی بەناونیشانی( سوزی دووری و خوشەویستی لە شیعری پەشیو)دا ،بو کاک محەمەد خدر مەولود سازکرد..لـە (١٩٩١/٦/١٣) لەهولی ئوتیلی سیدیا ،کورەکەش لەلایەنکاک گوشاد حەمەسەعید ،بەریوەدەچوو .

٢ـ کوریک بو ماموستا (گوران) بەناونیشانی کوردوپیروستریکا کە روز (١٩٩١/٧/٤) لەکاتژمیری(شەش )ی ئیوارە لە باخچـەی هوتیل خانزاد سازکرا .کورەکەش لەلایەن کاک جەلال بەرزنجـی بەریوە دەچوو .

٣ـ کوریک بو یادی دەهەمین سالروزی شەهیدبوونی نووسـەری بەهەلویست (سەیدا سالح یوسفی) ،تیایدا ماموستایان(سەعید ناکام و دکتور عزەدین مستەفا رەسول و دکتور مەحمودعوسمان) و حزب و لایەنە سیاسیەکان بەبروسکەو رابورت بەشداریان کرد ئەم کورە لەروزی (١٩٩١/٦/٢٨) لەباخچەی هوتیل خانزاد سـاز کراو کورەکەش لەلایەن کاک نەوزاد رەفعەت و کاک مەولودبرایم حەسەن و کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد،بەریوە دەچوو.

٤ـ ئیوارە کوریکی چیروک خویندنەوە بو سی چیروک نووس کـاک (ریکار ئەحمەد) بەچیروکی[پەرینەوە]وکاک (مەمولود ئیبراهیم حەسەن )بەچیروکی [سەرهەلدانەوە]وکاک(محەمەد خدر مەولود)بە چیروکی [پەلکەمیو]بەشداریان کرد،سازکرا ..کورەکە لەروزی ١٢ /١٩٩١/٧ دا لەهولی هوتیل میدیا ،لەلایەن کاک نەوزاد عەلـی ئەحمەد بەریوە دەچوو. دوابەدوای چیروکەکان کاک مەریوانـی وریا قانع سەرنج و تیبینی سەرپیی دەربارەی چیروکەکـان دەربری ٥

٥ـ (برایەتی یەکەمین روژنامەی روژانە لەمیژووی روژنامەگەری کوردی) ،ناونیشانی ئیوارە کوریک بوو کە بو شاعیرو وەرگیر و روژنامەنووس کاک (نەوزاد عەزیز سورمی) لەروزی(١٩٩١/٧/١٩)لە هولی هوتیل میدیا سازکرا ..کورەکە لەلایەن کاک ( سەعـدولـلا پەروش ) بەریوە دەچوو.

٦ـ لەماوەی (٢١) روژدا سی ئیوارە کوری شیعر خویندنەوە بـو چەند دەنگیکی شیعری کوردی ریکخرا ،کەلەوانەدا ئیوارە کوریک تایبەت بوو بەشاعیرانی شاروچکەی شەقلاوە .

٧ـ کوریک بەناونیشانی ( ئەدەب و روشنبیری کوردی لەهەندەران بو ماموستا (فەرهاد شاکەلی) لەروژی(١٩٩١/٨/٧) لەهولی هوتیل میدیا سازکرا کە کورەکەش لەلایەن کاک (سەعدوللا پەروش )بـە ریوە دەچوو.

٨ـ کوریک بەناونیشانی (گەنجینەی زمانی کوردی) بو ماموستا (محەمەد مەلاقادر) لەروژی ٨/١١ دا لەهولی هوتیل میدیا ، ساز کرا کە کورەکەش لەلایەن کاک نەوزاد رەفعەتەوەبەریوە دەچوو.

٩ـ کوریک بەناونیشانی (کوردو کوردولوژی لەیەکیتی سوفیەت ) بو ماموستا (د.جەمشید حەیدەری) سازکرا ،کە لەروژی (٨/١٥)دا لەسەعات شەشی ئیوارەدا کورەکە گیراو لەلایەن کاک نـەوزاد رەفعەتەوە بەریوە دەچوو.

١٠ـکوریک بەناونیشانی (زمانی کورد و پەیدابوونی زمان ) بو ماموستا (د.جەمال رەشید ) لەروژی (٨/١٨)دا لەسەعات شەشـی ئیوارەدا ،سازکرا ،ئەویش هەر لەهولی هوتیل میدیا دابوو.

## پاشماوەی.. شکۆدار بێت (٢٦)ی گەلاوێژ سالرۆژی دامەزراندنی پارتیمان....

راگەیاندنی پارتیمان بەتایبەتی رۆژنامەی( گەل )وگۆڤاری (پێشەنگ) و پەرتووکە بەرنامەییەکانی توانیان رۆڵێکی سەرەکی ببینن لەوێنە کێشانی خەباتی کوردستانیدا .

پارتیمان توانی پێوەندییەکی بەرفراوان لەوماوەیەدا لەگۆرەپانی خەباتی کوردستانی و عێراقی و عەرەبیوجیهانیدا بەرپابکات .هەروەها بەشداربوو لەهەمووکاروهەوڵو تەقەلایەکدا کەدەدران بۆ کۆکردنەوەی هێزە خەباتگێرەکان،بەبەشداربوونی لە.(جوقد)وبەرفراوانکردنی(جود)و لەدامەزراندنی لیژنەی کاری هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی .هەروەها رۆڵێکی کاریگەری هەبوو شانبەشانی پارتەکانی هاوپەیمان وبرا بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و بۆبەردەوام بوونی بەرەلە رێبازە پیرۆزەکەیدا کەبەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەرەو پێشەوە دەچێتەوەی شایانی باسە پارتیمان هەستی بەوەکردووەو دەزانێت کەبەرەیکوردستانی مەزنترین دەستکەوتی گەلەکەمانە کەلەدوای سالی(١٩٧٥)ەوەتاوەکو ئەمرۆ هێنراوەتەدی .سەرکردایەتی پارتیمان زۆر بەشانازییەوە بەشداریەکی کاریگەری کردووەو دەیکات لەبەرگری کردن لەمافیرەوای گەلەکەمان بەرامبەرای گشتی جیهان و دامودەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی .هەروەها سەردانی چەندین وڵاتو پەیوەندی کردن بە دەیان پارت و رێکخراوی مرۆڤانەو میری دەوڵەتان و دەستەی نێودەوڵەتان هاتونەتە دی کەبۆخزمەتی مەسەلەی رەوای گەلی کوردبوون و هەمیشە زۆر لێکراوی گەلەکەمانی خستونەتەبەرچاو و داوای هاوکاریکردنیان لێکراوەوبۆپشتگیری کردن لەکوردو ناجۆری ژیانی ئالۆزی گەلەکەمان سازبکرێت .

پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی گەل هەمیشە قەڵغانی گوللەسوپەربون و درێغیان نەکردووە لە خۆبەختکردن بەسەرومالّ و گیان لەپێناوی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان،شەهیدانو پەککەوتەو بریندارو زیندانی و سەرنگونەکانی پارتیمان چاکترین بەڵگەن بۆ ئەم مەبەستە

لەلایەکی دیکەوە پارتیمان بەهەموو توانایەکییەوە تەفرەتی لەوە کردووە کەبکەوێتە داوای چەندین دیاردەی ناجۆرکەببوونە رێگری ئاشتی و برایەتی لەنێو ریزەکانی بزاڤی نیشتمانی گەلەکەماندا لە سالەکانی هەشتاکاندا .

لەسالانی رابردوودا زۆرجار نەماندەتوانی هەست بەوەبکەین کەنەبونی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەری گەلدا لەژیانی رۆژانەیداو دور بوون لەویستەکانی کەهەمیشە لەگۆراندایەو ئازارە بچوک وگەورەکانی توانای رووبینیمان لاوازدەکات ،تاوەکو راپەرینە قارەمانەکەی سەرەتای ئەمسالّ دەستی پێکرد.کەلەراستیدا شۆرشێکی سەرانسەری بێ هاوتابوو بەسەر سەرکوتکردنو تیرۆرو خۆفرۆشتن و ژیانی درۆدا .... شۆرشێک بوو هەموو هێزەکانی گەل لەنێویدا یەکی گرتەوە ،یەکگرتنێک کەلەمێژوودا نموونەی نەبووە .پێشمەرگە تێکەلاوی جەماوەرو ئەو هێزە گەورانەبوو(بەژمارەدا )،کەمیری سالەهای سالّ بەبەردەوامی پڕ چەکی دەکردن و هەولی بەرفراوانکردنی دەدان.

راپەرینە مەزنەکە گرێی دووبەرەکی و جیاوازی بەیەکجاری کردەوە کە چەندین سالّ بوو ئالۆزبوو گەکەکەمانیش بەدەستیەوە دەینالاند،ئەو دووبەرەکییەی کەهەمیشە بەکاردەهێنرا دژ بەخواستەکانی گەل بەشێوەی بەردەوام وبرینێکی خوێن لەبەر رۆی کراوەبوو لەخەباتی گەلەکەمانا .

ئەوەی شایانی باسە ئەو راپەرینە بەرفراوانە گشتییە لەسەرخواستی خۆیی و بێ دوودلی خۆی لەبەرەی کوردستانی کۆکردەوەو داوای لێکرد کە سەرکردایەتی بکات و بەرەو سەرکەوتنی بەرێت .جیتر بەشاراوەیی نەما بۆ هیچ کەسێ کەگەلی کوردمان کێ بەسەرکردەی خۆی دەزانێت لە عێراقدا ،بێگومان بەرەو بەرەی کوردستانی بەشێوەیەکیراستەوخۆ ، چونکە بەرەو پارتەکانی نێو بەرە خواست و ویستە رەواکانی گەلەکەمان دەچەسپێنن،چ بەبەرنامەو چ بەدروشم و لەپێش هەموو شتێکدا بە یەکێتی ریزەکانی بەرەی خۆی .

هۆی سەرەکی یەکێتی هێزەکانی راپەرینەکە بوونی بەرەی کوردستانی بوو.لەراستیدا سالی(١٩٩١) بۆ ئێمە وەکو لەدایکبوونێکی نوێ وایە ، سۆبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و بێگومان لە دایکبونێکی نوێیە بۆ پارتیمان لەدەهەمین سالەیدا .

**هەروەها لەشوێنێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە :**

گفتوگو لەنێوان بەرەی کوردستانی و میری عێراقدا لە(١٩٩١/٤/١٢ )ز دەستی پێکرد،هەر لەو رۆژەوە پارتیمان رۆڵێکی کاریگەری هەبە شان بەشانی پارتەکانی هاوپەیمانی نێو بەرەی کوردستانی بۆ بەرەوپێشەوە بردنی پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندن،بە هیوای هێنانەکایەوبەرپاکردنی رێککەوتنێکی شایستەو سەربلندکەرانەو چەسپاو،گەیشتن بە رێکەوتنێکی وەها تاکە رێگایە بۆ دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتیوهێمنی و دامەزراندن و گەرانەوەی خەڵکی .هەموو خەلک بۆ شاروشارۆچکە و گوندەکانیان بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی ئاسایی بەرهەمهێنەرولادانی ئەو زەرەرانەی کەگەیەندراوە بەگەلەکەمان لەسەرهەموو ئاستەکان . هەروەها لابردنی ئەو گۆرانکارییانەی کەباری نەتەوایەتی لەکوردستاندا گۆڕیوە ،رێککەوتنێکی وەها دوو پالّپشتی بلاوکردنەوەی دێموکراسیو ئۆتۆنۆمی دەوێت . هەر لەرێگای ئەوەوە دەتوانین کاربکەین بۆ گەیشتنمان بۆ پیداویستیەکانمان بۆ پێشکەوتن و شارستانیتی وەکو بلاوکردنەوەی خوێندن و خزمەتەکانی تەندورستی و کۆمەلایەتی وبنیاتنانی کۆمەلگا لەسەر بناغەیەکی ئاسوری مۆدێرن کەپشت بەزانست وپلان دانانو کشتوکالێکی هاوچەرخ و پیشەسازی و تۆرێزم ببەستیت کەهیوای دروستکردنی مرۆڤی هاوچەرخ و خوێندەواربێت .کەباوەری بەخۆی بێت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی،هەر لەئاشتی و ئاسایشدامەزراویدا هەموو بارودۆخێک ئامادەیە بۆ بنیاتنانی پارتێکی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی جەماوەری،ئەو پارتەی کەئامانجمانە بنیاتنانی تەواوبکەین چونکە تەنها لەدۆخی وەهادا خەبات لەپێناوی رزگاری و دێموکراسی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی و یەکسانی هەل(تكافؤ الفرص)لە چوارچێوەی تێکەلکردنی خەباتی نەتەوایەتی بە خەباتیکۆمەلایەتی پتەوتر دەکرێت .

هیوادارین کەشەرو رۆژەرەشەکانمان خستبێتە پاشخۆمان وبە دەنگ بلندی دەلێین:**بەخێر بێیت ئەی ئاشتی ..**

هەر بەم یادەوە ئاسۆیەکی کاری بەرفراوان بەرامبەر پارتیمان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان دەردەکەوێت ،بێگومان بە ملانەیەکی مەزن و زۆرەوە،جا بۆیە هەڤالانمان لەهەموو جێ و شوێنێک کە هەن پێویستیان بەتەرخانکردنی هەموو توانایەکیان هەیەبۆئەوەی لەئاستی لێپرساوی مێژوویدا بین کەدووچارمان بۆتەوەو لەبەردەمان دایەو دەبێت ئەرکەکانی سەرشانمان بەوپەری لەخۆبوردنەوە بەهەموو هێزو توانایەک جێبەجێ بکەین بەزیادەوە.

ئیتر بەرەو بەرەپێدانی هەوڵ و تەقەلاکانمان و پتەوکردنی ریزەکانی پشتگرتنی یەکێتی نیشتمانی و چوون بەرەو پێشەوە بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی گەلی کوردمان و گەلی عێراق .

### چاپکراوی نوێ

**ئەستێرەی دارژاو**

کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنووس کاک (رێکار ئەحمەد)ە کە ئەم سالّ لەلایەن (ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی " ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی" بلاوکراوەتەوە .زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە باسی ژیانی ئاوارەیی دەکەن .

ئەمە دووەمین کۆمەڵە چیرۆکی کاک (ریکار )ە .کۆتایی سالی ١٩٨٨،کۆمەڵەی یەکەمی بەناوی (رۆژێکی هاوین)لەچاپخانەی ( گەل ) بەچاپگەیاندووە .

وتوویێژ شێوە خەباتێکی پەسندکراوی ئەم سەردەمەیە

والاپەڕە

# تووڕەیی

شیعری ( جەلالی مەلەکشا )

لەم جیهانە ،پەلەوەریش ،
نیشتمانیی بۆخۆی هەیە .
دارستانێ .. تاقەدارێ،
ئاوارەش بێ،
نێو ئەشکەوتێ ، بن باسارێ !

*** ***

چۆن شێت نەبم ؟!
چۆن وەک تفەنگ ،
نەچم بەگژ کوێستانێکاو،
چوار ڕێیانی گەردوون نەگرم؟
هێشتا مشتێ خاک شک نابەم
تیا بژیم .
هێشتا گۆلە زەوییێکم
بۆخۆم نیە
تیا بمرم !

*** ***

چۆن شێت نەبم ؟!
هەموو ڕێگەم لێ بەستراوە
بەهەر جادەو شەقامێکا رادەبورم،
تەپۆلکەیەک ،
کلاوێکی سەربازانەی لەسەرناوە
دڵ و گیرفان دەپشکنێ ،
بەڵگەی خوایشم لەگەڵدابێ
ڕێگەم دەگرێ .
نەکا نەخشەی وڵاتێک و...
ڕەمزی ناوێکی نهێنیم لەدڵدابێ !

*** ***

چۆن شێت نەبم ،
تووڕەم، تووڕەم ،
وەک ئاگرم !
شمشێرێکی هەڵکێشراوم
لەناو بریسکەی خوێنی خۆما ،
بەسەر دنیا ئەنرکێنم ،
هەتا کالان نەدۆزمەوە
ئۆقرە ناگرم !

*** ***

خوا ئەزانێ،
من حەز ناکەم
وەک ئەشقیا ،
سەرگەردان بم لەم کوێستانە !
ڕێگەم بدە بێمە خوارێ،
هیچم ناوێ لەم جیهانە...
جگە نەختێک سەربەستی و،
بستێ خاک و،
ئاڵایەک و،
ڕەشماڵێکی قەرەجانە .

# لەجیاتی بڵندگۆ :

جاران.
چاو سایێد، گوێ فولاغ ،هەست تامەزرۆ، ویژدان ئاسودە، باوەش ئاوەڵا.. لە پێشوازی سوارانی چیا پێشبرکێیان دەکرد.
رۆژگار سەخت بوو..کۆڵی قورسی لەشان بوو ،بەڵام هەر رانەوەستاو ،هات وچوو.. داروبەرد، قەدپاڵی کەژوکێو..پێدەشت و رووبارو زەنوێر بەخوێن سوور بوون.
**چاو، گوێ، هەست ، ویژدان و باوەش** لە پێشوازی بوون و ماندوو نەبوون.
خۆشبەختانە لەئازاری ئەمساڵدا راپەرین چرۆی کردو گوڵ و خونچەی سووری گرت.. کوردستان راپەری و خۆی ئازاد کرد.. پێشمەرگەش هەوێنی راپەرین و رزگاربوون بوو..
ئەوسا لەپڕ کۆچی ناوەخت وەک رەشەبا هەڵیکردو ،گەورەو بچوکە وردو درشتی کۆمەڵی راپێچاو لەسەر سنوورو وڵاتی دیکەی مۆڵ دان .کەچی هەڵپەرستانی ویژدان تۆپیو ،دوور لەچاوی خاوەنزەوی دەرفەتیان وەرگرت..خلەوخەرمان،ماڵ و کاشانی وڵاتیان پێچایەوەو هەڵیان لووشی..
زۆر ناوەخت و لەناکاوتر، گۆتە گۆتی وتوویژو گەڕانەوەی کۆچدراوان دنیای تەنیەوە .بەڵام ئاخۆ کۆچدراوان گەڕانەوە سەرچی ؟ـ گەڕانەوە بۆ ناشتنی تەرمی سەرچی ؟ـ گەڕانەوە بۆ ناشتنی تەرمی شەهیدانیان ،یان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکانیان .. نەخێر گەڕانەوە بۆسەر ماڵی بێ کاشانی و وڵاتی بێ رووناکی و بۆ سەر کاولگەیەکی خاپورکراودا .
ئەوەشمان هیچ ئەوەی چوو ،تازە چوو ، بەڵام ئێستا سەرباری قات و قڕی و برسیەتی و نەبوونی ،دەبینین دێوەزمەی تاڵان و رووتکردنەوە دەستی لەهەوکان ناوە..
بۆیە **چاو ،گوێ، هەست ، ویژدان، باوەش** خۆیان دەخۆنەوەو رستەکانی دەرونیان تێ دەکەنەوەو دەڵێن :

**کێن ئەوانەی دەمانبرنەوە؟!!.**
**کێن ئەوانەی شوێنە گشتییەکان دەرنێننەوەوئاودیویان دەکەن؟!!.**

ئەرێ کاکی پێشمەرگە بۆچی؟..خۆنا شێت بڵێن ئێمەش ناتوانین رێ لەوکەسانە بگرین کەدەتان برنەوەوهەڵتاندەلوشن.

ساڵ و مانگ رەت دەبن ..رۆژگار دەگۆڕێ،بەڵام هەر بەوانە دەڵێین پێشمەرگە کەگیانیان لەسەر لەپی دەستەو لەمردن سڵ ناکەنەوە ..

# لەڕێگەی ڕزگاریدا



**شەهید کەیفی شاکر محەمەدعەلی**

لەساڵی (١٩٦٠)ز لەخێزانێکی هەژاری شاری هەولێر چاوی بەدنیا هەڵێناوە. باوکی کرێکارێکی نەدار بوو..بۆیە شەهید نەیتوانی خوێندن تەواو بکات و ناچاربوو دەست بەکارکردن بکا .ئەگەرچی هێشتا زۆر منداڵ بوو..هێزوتوانای لەبەرامبەر هێز و قورسی کارکردن لاوازتربوو ،بەڵام بە وورەیەکی بەرزەوە بەربەرەکانێی کردو سەرئەنجام بووبە کرێکارێکی دەست رەنگین کە هەموو کەسێک خۆشی دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت .کاتێ ناوی سەربازی هات لای شورەیی بوو بچێت بۆ سەربازی و سەربازی بۆرژێمێک بکات کەبەئاگروئاس حوکمی وڵات بکات و گەلی کوردقەلاچوبکاو کوردستانەکەی بەسوتماک بکات .بەڵام نەشیدەتوانی ماڵ بەجێبهێڵێ و پشت لەکارکردن بکات ..لەکاتێکدا کەپیاوانی رژێم کون و قوژبن بەدوای شۆڕشگێڕو سەربازی راکردودەگەڕان..ئەولەکونجێکا کاری پەیدادەکرد،تا جارێکیان کەوتە بەر دەسترێژی هێزەکانی رژێم وبەسەختی برینداركرا .ئەگەرچی دەستگیرکراو بەبریندار ی رەوانەی سەربازی کرا ،بەڵام ورەی بەرزو خۆڕاگری وباوەری بەهێز وایلێکرد دیسانەوە ڕیزەی سوپا بەجێ بهێڵێ وبگەڕێتەوە بۆسەرکارکردن.
لەراپەرینەکانی بەهاری ئەمساڵدا زۆر قارەمانانە بەشداری لەراپەرینەکانی کوردستان کردو جوامێرانە لەرزگارکردنی کەرکوکدا هاوبەشی کرد.بەڵام بەداخەوە لەکاتی داگیرکردنەوەی شاری هەولێر لەلایەن سوپای عێراقەوە ،لە (١٩٩١/٣/٣١)لەنزیک بازگەی هەولێرـ پیرمام ،کەوتە بەر هێرشی فرۆکەکان خۆی و(ڕۆناک )ی خێزانی و(رابەر)ی کوری بونەقوربانی و خوێنی ئاڵیان تێکەڵ بەخوێنی هەزاران شەهیدی دیکە بوو.
شەهید کەیفی سێ منداڵێ لەپاشدا بەجێ ماوە ،دووکچ و کورێک . ئێستا ئەوسێ مناڵە (ڕێناس و بەناز و ڕێکەوت) ،لەلای داپیرەوباپیرەیان دوور لەسۆزی خۆشەویستی و کۆشی گەرمی دایک و باوکیان باوەشیان بۆ ژیان کردوتەوەو لەگەڵ ناوی شەهیددا بزەیەک دەیانگرێ و بەشانازیەوە دەڵێن:(دایک و باوک و برا)مان لە ڕێگەی کوردستاندا شەهیدکراون و ئێمە مناڵە شەهیدین .

هەزا رسڵاو لەگیانی شەهید کەیفی وتەواوی شەهیدانی کوردو کوردستان ە